بە ناوی کوردستانی گەورە !

# نان ئەم نانەیە، ئەمڕۆ لە خوانە !

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

دیارە ئەمە لە رۆژی نێوەڕۆی نێو ئاسمانی ساوی مانگی گەلاوێژی کوردستان روونـاکترە، کە ناسنامەی هەر گەلێک، بەڵگەیەکی زۆر بەنرخە و زۆرجار، لاپەڕەگەلـی ئەم بەڵگەیە، دەبنە بنچینە و تەنانەت هەوێنی بزاوی پەرەسەندنی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، رامیاری، ئابووری و شتی وا . تەنانەت ناسنامەی تاقەکەسیش بۆ هەر مرۆڤێک زۆر گرنگ وبایەخدارە. هەربەم پێوانە یە، یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی سەر شانی هەمووومان ئەمەیە، بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی ئەم بەڵگە گرنگە تێ بکوشین، چ لە روانگەی نەتەوییە و چ لە روانگەی تاقەکەسیەوە . زۆر جار دەتوانین لە گۆڕەپانی ژیاندا، یا لەسەر ئەمە داگرین و بڵێین : " داهاتو، بەرهەمی باغی ئێستایە، کە ریشەی ئەو باغە لە مەزرای رابوردا، رەگاژۆی کردوە ".

بەڵام، نابێ ئەم بۆچوونە، کە فەرەنگی پێی دەڵێن تێئۆری، ببێتە هۆی ئەمەی، کە بە خستنە پشت گوێی کاتی ئێستا، داهاتوومان بە تەواوی لە رووداوەکانی رابوردو دا، ببینین و راڤەی بکەین . هەر لەبەر ئەمە داو داپیرانمان (لەگەڵ باووباپیرانمان) چەند دانە پەندی پێشینانیان لەو بەستێنەدا، بۆ ئێمە بەجێ هێشتوە، کە دەبێ بە زێڕ بیانکڕی و بە گیان بیانپارێزی .

کەچی بەداخەوە، زور جار لە باتی ئەوەی کە بە چەشنێکی تەوەرەیی سەرنجی خۆمان بدەینە ئەمە، کە ئێستا چی بکەین تا لە داهاتودا، گەلەکەمان بارودۆخێکی باشتری ببێ، دێین زۆرتر پاشەوپاش دەگەڕێینەوە بۆ نێو رابوردو و گەلێ جاری واش هەیە، بە هەڵبەستنی مەیتەڵۆکەی هەرگیز رونەداو، تەواو لە کاتی رابوردویەکی رۆمانتیکدا، دەژین . کە بە کوردی پێی دەڵێن خەوە راو. مەگەر بۆ وێنە، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئامریکا، کە ئێستا بە گەورەترین هێزی فرەلایەنەی جیهان دادەنرێ، سێ چوار هەزار ساڵ مێژوی فڵان وفیساری هەیە ؟ تا ئێمەش پێویست بێ، بۆ پڕکرنەوەی ئەو کەلێنە، خۆمان بە هەزار شتی واوە رابنێین، کە نە قەت روی داوە و نە گرنگیش بوە روبدا، کە ئێستا چەن دانە لەمانەتان پێ دەناسێنم :

1- پاش تۆفانی نۆح، کەشتیەکەی نۆح، لە کوردستان بەرەگەی گرتوە، چون لە کتێبە ئاینیە عیبری و عەرەبیەکاندا، فەرموویانە، کەشتی لەجەبەل قەراغی گرت و نۆح خەلەست، جا چون کوردستانیش جەبەل (کێو) ی زۆرە، دەبێ نۆح لە کوردستان دابەزیبێ ؟ مەگەر لەم هەرێمە، کێوی قەفقاز، ئەلبورز، ئەڵوەند و شتی واش زۆر نیە ؟ .

2- برایم پێغەمبەر کورد بوە، چون شارێکی کوردستان ناوی برایم خەلیلە و زۆر بەڵگەی پووچەڵی دیکەی وا . کە وایە کتێبی زەبوور بۆچی کوردی نیە ؟

3- رۆستەمی زاڵ کورد بوە، چون فیردەوسی هۆنەری فارس وتویەتی : " زاڵ چەن جوان بە روستەمە گوردی وت، کە دوژمن بە کەم دامەنێ " . جا، ببێ و نەبێ، وشەی گورد هەر کوردە و فێردەوسی بە هەڵە لەباتی کڵاوێک، دو کڵاوی کردوەتە سەر ئەو پیتە (لە

جێی پیتی " ک " پیتی " گ "ی نووسیوه) . فیردەوسی وتوشیەتی، کە " روستەم پاڵەوانێک بو لە سیستان " . ئەگەر گوردیش هەر کورد بێ، پەس گلێش هەر کلە !.

4- کەریم خانی زەند و نازانم کێ و کێ، کورد بوون، چون لە پارێزگەی کوردستان، هۆزێک هەیە بە ناوی زەند . تازە کەریم خان و فلان و فیساری پێش ئەویش کە فرە بە ناوبانگترن، ئەگەر کوردیش بووبێتن، چ تۆفیرێک لەوەدا دەکا کە ئێستا کوردستان، وەک قالیچەی سولەیمان لەتلەتکراوە ؟ جا مەگەر بلێین ماموەستا ئەحمەدی خانی فەرمویەتی " بارودۆخی کورد، کە وا شپرزەیە، سووچی میر و وەزیران بوە، نەک هی شاعیر و فەقیران ". یانی، ئەگەر کەریم خان و مەریم خان کوردبوون، دەبو هی وەک ئەوان خزمەتێک بە کورد بکەن و ببنە قارەمانی رزگاری، کە نەبوون، هیچ ؛ تەنانەت بە داخەوە هێندێکیان زۆر جاریش بوونەتە تاتلیسی کاتی خۆیان ! نینۆخێکی خاتو دانیێل میتێران، روی سپی بێ، کە بە رەچەڵەک فەرەنگیە، بۆ کورد سەدی وەک کەریم خان دەژێ . ئەگەر بۆرە شکێک لەوەدا هەیە، کە کەریم خان کورد بووبێ، بریا هەر کورد نەبێ. پەس ئەگەر کورد بووە، بۆچی سووکە هەنگاوێکی بۆ کورد هەڵ نەهێناوەتەوە، مەگەر بە قەت گەورە کچێکی فەرانسەیی وەک ژاندارک، جوربوزەی نەبوە ؟ یا بیلامانێ ئەویش لەو کوردانە بووبێ، کە خۆی بە عەشایری غەربی ئیران زانیوە !!!؟؟؟.

ئێمە بۆ سازکردنی ناسنامەی خۆمان کە زۆر گرنگە، دەبێ بەر لە هەمو شتێک، لە کاتی ئێستادا و رو لە داهاتو بژین، جا، دوای ئەمەش دەبێ ئەو ناسنامەیە ریالیست و پۆسیتیڤ بێ، نە رۆمانتیک و نێگاتیڤ. بۆ وێنە، دەبێ سەد جاران بنووسین و بلێین، کە دیاکۆ قەراڵی کورد بوە، کاوەی ئاسنگەر لە ئێمە بوە، ماموەستا حاجی قادری کۆیی مان بوە و . . . ، چون ئەمانە هەم راستن و هەم بە کەڵک . نەک ئەو شتە رونەدراو و بەکارنەهاتوانەی سەرەوە .
قسەش هەزارە و یەکێکی بەکارە و نانیش ئەم نانەیە، ئەمرو لە خوانە ! وانیە ؟

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.